# عێراق و گرووپە چەکدارە شیعەکان لە بۆشاییی داڕمانی ڕژێمی ئەسەددا

**د. یاسین تەها،** پسپۆڕ لە مێژووی ئایینزا ئیسلامییەکان و شارەزا لە کاروباری عێراق

**دەسپێك**

ئەو گەشبینییەی لە عێراق پاش ئاگربەستی ئیسرائیل و حزبوڵڵای لوبنان لە عێراق هاتە کایەوە بۆ ئۆقرەییی هەرێمایەتی، لەگەڵ داڕمانی ڕژێمی ئەسەددا لە دیمەشق، گۆڕا بۆ چاوەڕوانی و دڵەخورتێ لە ئاییندەی پەیوەندیی ئەم دوو وڵاتەی کە جوگرافیا کردوونی بە دراوسێ و هەردووکیشیان لە میحوەرێکدا بوون کە ناویان ناوە "موقاوەمە"، کە ئەرکی بەرهەڵستیکردنی ئیسرائیلە.

ئەم شرۆڤەیە هەوڵ دەدات لەسەر لێکەوتەکانی بارگۆڕانەکانی سووریا لەسەر عێراق و وردتر، لەسەر گرووپە چەکدارەکانی شیعە هەڵوێستە بکات.

**پشتپەردەی مشتومڕە عێراقییەکان بەر لە کەوتنی ئەسەد**

ڕەوشی سووریا لە بەهاری 2011 بە خۆپیشاندانی جەماوەری دژی ڕژێمی بەعس بە سەرۆکایەتیی "بەشار ئەسەد" و داواکاریی کرانەوە و پێدانی ئازادی دەستی پێ کرد، بەڵام بەخێرایی گۆڕا بۆ ململانێیەکی چەکداریی ئاڵۆز کە وڵاتەکەی کردە گۆڕەپانێکی کراوە بۆ ململانێی هێزە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکان. لەم پانتاییەدا جگە لە "شۆڕشگێڕەکان"، گرووپە چەکدارەکانی ئەلقاعیدە و پاشان داعش بە شێوەیەکی بەرچاو بڵاو بوونەوە. لە عێراقی دراوسێی سووریاشەوە 11 گرووپی چەکداری شیعە چوونە ئەودیوی سنوور لەژێر دروشمی "پاراستنی حەرەمە پیرۆزەکان"ی شیعە و بەرەنگاربوونەوەی "گرووپە چەکدارە تیرۆریستەکان". ئەمەیش لە چوارچێوەی پلانێکی ئێرانیدا کە سەرۆکایەتیی "بەرەی موقاوەمە" دەکات و وەك پارێزەری بەرژەوەندییەکانی شیعەی ناوچەکە و دنیا مامەڵە دەکات.

چوار لە گرووپە عێراقییەکانی نێو سووریا (حزبوڵڵا، نوجەبا، عەسائیب، ئەنسارولڵڵای ئەوفیا) زۆرترین چەکداریان ڕەوانەی ئەودیوی سنووری کردووە؛ لەگەڵ ئەوانیشدا هەندێك گرووپی تر (کەتیبەکانی ئیمام عەلی و سەییدولشوهەدا بە نموونە) لەسەر سنوورەکان و لە هەردوو بەری عێراق و سووریاوە لە هاتوچۆ و چالاکی و جموجۆڵدا بوون[1]. سەرجەم ئەم گرووپانەیش لەگەڵ حزبوڵڵای لوبنان و ئەفسەرانی سوپای پاسدارانی ئێرانی، بوونە بەشێك لە هاوکێشەی ئەمنیی سووریا بەرامبەر گرووپە سونە توندڕەوەکان لە لایەك و بۆ بەهێزکردنی پشتێنە ئێرانییە شیعەکەی تاران _ بەیرووت لە لاکەی تر، بەرامبەر ئیسرائیل و پێگەی حزبوڵڵا لە هاوکێشەی نێوخۆییی لوبناندا.

لە پاش 13 مانگ جەنگ و پێکدادان و کوژرانی دەوروبەری سێ هەزار چەکداری حزبوڵڵا لەگەڵ سەرکردەکانی ڕیزی یەکەم و دووەمی، لەنێویشیاندا ئەمینداری گشتی (حەسەن نەسروڵڵا)[2]، دەرفەت

ڕەخسا بۆ جووڵەی گرووپە چەکدارە بەرهەڵستکارەکانی سووریا دژی ڕژێمی ئەسەد بە سەرکردایەتیی "دەستەی ئازادکردنی شام" کە تێکەڵەیەکە لە گرووپی چەکداری سوننی تا دەرفەت لە لاوازیی میحوەرە ئێرانییەکە ببینن بۆ گەیشتن بە ئامانجی کۆنترۆڵکردنی حەلەب و حەما و حیمس و دیمەشق.

لەم بەرە نوێیەی جەنگیشدا حکوومەتی عێراق کەوتە بەرداشێکی قورسەوە بۆ خۆدوورگرتن لە تێوەگلان لە لایەك و هێورکردنەوەی گرووپە چەکدارە شیعەکانی تر لە لاکەی تر کە بەدیارچاویانەوە لە پاش لوبنان بلۆکێکی تری گرنگ لە میحوەرە ئێرانییەکە (موقاوەمە) دادەڕووخا. سەرەنجام ئەو ئاراستەیەیش سەر کەوت کە هیچ لایەنێکی عێراق بەشداری نەکات لە پاڵپشتیی ڕژێمی سووریا بە شێوەی سەربازی، بەتایبەت کە دەزگە هەواڵگرییەکانی عێراق دڵنیا بوونەوە لەوەی جموجۆڵەکانی "دەستەی ئازادکردنی شام" بە هەماهەنگی و ئامادەیی ئەفسەرانی هەواڵگریی تورکیایە لە ژوورەکانی ئۆپەراسیۆنی چەکدارە ئیسلامییەکان[3]. هاوکات لەگەڵ ئەوەیشدا ئەردۆغان بەڕوونی ڕای گەیاند بەهیوایە پێشڕەویی چەکدارە ئۆپۆزیسیۆنەکان تا ناو دیمەشق بڕوات[4]. پێشتریش کە بەرپرسانی عێراق نێوانگرییان لە نێوان تورکیا و ڕژێمی ئەسەددا کردبوو، گەیشتبوونە ئەو بڕوایەی کە ڕەتکردنەوەی سازشکردن لەلایەن ئەسەدەوە بۆ گێڕانەوەی ئاوارە سوورییەکان لە تورکیا و قبووڵکردنی بڵاوبوونەوەی سوپای تورکیاش لە باکووری سووریا، یەکێك لە هۆکارەکانی شکستهێنانی دانوستانی ناڕاستەوخۆی هەردوو لایە[5].

لە پاش جووڵەی گرووپە چەکدارە سوننەکان بە ئاراستەی حەلەب و حیمس و دیمەشق، "دەستەی حەشدی شەعبی" کە چەتری فەرمیی کۆکەرەوەی گرووپە چەکدارەکانی شیعەیە لە عێراق، زەنگی مەترسیی لێ دا؛ بەو پێیەی عێراق لەژێر هەڕەشەی پەلکێشانی هێزە چەکدارەکانی سووریادایە و ئەوەی لەوێش ڕوو دەدات "نیگەرانی و شڵەژان دروست دەکات". بەڵام بەهۆی ئەوەی حەشدی شەعبی دەزگەیەکی دەوڵەتییە و "لە دەرەوەی عێراق ڕۆڵ نابینێت و ملکەچی فەرمانی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانە"[6]، جەختی لە تێوەنەگلان کردەوە لە نوێبوونەوەی قەیرانی سووریا.

شان بە شانی دامەزراوەی فەرمیی حەشدیش موقتەدا سەدر کە ڕەوتێکی سیاسی (التيار الوطني الشيعي) و باڵێکی چەکداریشی هەیە (سرايا السلام)، جەخت لە دوورەپەرێزی و بێلایەنیی کردەوە؛ نەك هەر ئەوە، داوای سزادانی ئەو لایەنانەیشی کرد کە خروقات دەکەن و دەچنە سووریا[7]. بەپێچەوانەی ئەم ئاراستەیەشەوە کەتیبەکانی حزبوڵڵا کە شوێنکەوتەی سوپای پاسدارانە، حکوومەتی عێراقی هان دەدا بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕژێمی سووریادا هێز ڕەوانەی ئەو وڵاتە بکات، چونکە گرووپە سوورییەکان (دەستەی ئازادکردنی شام) "مەترسین لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی عێراق و ناوچە".[8] هەر لەم کاتەیشدا گرووپی "ئەبو فەزلی عەباس" بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی خۆی هەڵپەسارد و گەڕانەوەی ڕاگەیاند "بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەترسییەکان" و دەستی کرد بە ناونووسین بۆ ڕۆیشتن بەرەو چواردوری حەرەمە پیرۆزەکانی شیعە لە سووریا کە مەقامەکانی زەینەبی ئیمام عەلی و ڕوقیەی کچی حوسێنن[9]. بەپێی زانیاریی میدیا بریتانییەکانیش هەر لەم کاتانەدا بەشار ئەسەد و سوپای پاسدارانی ئێرانیش لای خۆیانەوە بەفەرمی داوای بەهاناوەچوونی دیمەشقیان کردبوو لە گرووپە چەکدارەکانی عێراق، بەڵام ئەوان بە کۆی دەنگ ڕازی نەبوون بە شێوەی سەربازی بچنە سووریا و، لە بری ئەوە پێشنیاریان کردبوو بە زانیاری و هەواڵگری و هاوکاریی مرۆیی یارمەتیی ڕژێمی ئەسەد بدەن[10].

سەبارەت بەوەیشی بۆچی وەك پاش 2011 ئەو گرووپانە خۆیان نەچوون بۆ سووریا و هەموویان

تۆپەکەیان خستە گۆڕەپانی سەرۆکوەزیران، "کەتیبەکانی سەییدولشوهەدا" بەوە لێکی دایەوە کە نەیانویست پاساو بدەنە دەست ئیسرائیل بۆ بەئامانجگرتنیان، ئەگەرنا ئەوان دەزانن ئەوەی لە سووریا ڕووی دا "گوزر بوو لە میحوەری موقاوەمە".[11] گرووپە سەرەکییەکانی تری شیعەیش وەک تەڵەیەک تەماشای سووریایان دەکرد بۆ تێوەگلان و بەئامانجگرتنیان لەسەر خاکی سووریا پاش دوورخستنەوەیان لە عێراق[12]؛ بەتایبەت پێشتر ئیسرائیل بە ڕێگەی جۆراجۆر هەڕەشەکردن لە گرووپە چەکدارەکانی، گەیاندبووە بەغدا[13].

لە نێوان ئەم دوو ئاراستە شیعییەیشدا هاوپەیمانەکانی سوودانی لەنێو "ئیدارەی دەوڵەت" سەرۆکوەزیرانیان هان دا پەیوەندی لەگەڵ هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش بەهێز بکات[14]؛ ئەمە لە کاتێکدا چەند مانگی پێشوو سەرجەم جەمسەرە جیاجیاکانی شیعەی عێراق، پێداگر بوون لەسەر کۆتاییهێنان بە ئەرکی ئەو هاوپەیمانێتییە لەبەر نەمانی پاساوی مانەوە. یەکێک لەوانەیشی کە ئەم پێداگرییەی دەکرد، سەرۆکوەزیران محەمەد شیاع سوودانی بوو کە لەژێر گوشاری لایەنە شیعەکاندا داوای کۆتاییهێنانی ئەرکی هاوپەیمانییەکە کرد؛ ئەمەیش لە بنەڕەتدا بەشێکە لە بەرنامەی کاری کابینەکەی[15]. ئەم پێشهاتەیش دەشێت ببێتە بنەمای ڕازیبوون بە مانەوەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە داهاتوودا لەبەر ڕۆشنایی گۆڕینی بارودۆخ و هاوکێشەکان.

**لێکەوتەکانی کەوتنی ڕژێمی ئەسەد لەسەر دۆخی عێراق**

لەنێو سیستەمە پشکپشکێنەکەی عێراقدا، شیعەکان لە هەموو پێکهاتەکانی تر زیاتر بە پێشهاتەکانی سووریاوە پەیوەستن؛ لە لایەک سووریا بەشێک بوو لەو میحوەرە ئێرانییەی کە لە تارانەوە تا دەریای سپی ناوەڕاست درێژ دەبێتەوە، لە لاکەی تر هاتنەسەر حوکمی "دەستەی ئازادکردنی شام" کە هەندێک لە پێکهاتەکانی پێشینەی بەشداریکردن و ئەندامێتییان لە ئەلقاعیدە و داعشدا هەیە و لەسەر ڕەوتی "سەلەفییەتی جیهادی" ئەژمارن، مەترسییە لەسەر ڕۆژاوای عێراق و هەمان سیناریۆی ساڵی 2014 بیر دەهێنێتەوە کە چەکدارەکانی داعش لە سووریاوە بۆ مووسڵ و پاشان 1/ 3ی خاکی عێراق کشان و، مەترسییەکی وجوودیی گەورەیان لەسەر دەسەڵاتی شیعە لە عێراقدا دروست کرد.

لەسەر ئاستە فەرمییەکەی، چوارچێوەی شیعی ئەوەی بڕییەوە کە ڕەوشی سووریا درێژکراوەی ئاسایشی نەتەوەییی عێراقە بەهۆی دراوسێیەتیی جوگرافی و کۆمەڵایەتییەوە، هەروەها نیگەرانییشیان دەربڕی لەوەی "خەڵکانی تیرۆریست" چەند ناوچەیەکی گرنگیان لە سووریا گرت[16]. بەڵام لەگەڵ کەوتنی دیمەشقدا جەمسەرەکانی چوارچێوە شیعییەکەی هاوپەیمانی تاران، خێرا گوتاری خۆیان گۆڕی بۆ پێشوازیکردن لە گۆڕانکارییەکانی سووریا"، لە پێش هەموویانەوە نووری مالیکی کە یەکێکە لە هێماکانی بەرگریکردن لە ڕژێمەکەی ئەسەد لە پاش 2011. ناوبراو جەختی لەوە کردەوە "ڕێز لە ئیرادەی گەلی سووریا دەگرن لە گۆڕینی دەوڵەتەکەیان"[17]، ئەمە لە کاتێکدا پێشتر هەر مالیکی لە وتارێکدا لە نەجەف بەرپەرچی داوکاریی "محەمەد جۆلانی _ ئەحمەد شەرع"ی دایەوە بۆ مانەوەی عێراق بەبێلایەنی لە دۆسیەی سووریا و جەختی کردەوە، ئەوان "بێلایەن نین و لە هەر کوێ پێویست بکات، بەرگری لە ئیسلام و موسڵمانان دەکەن."[18] ئەمەیش ئاماژەی ناواخن بوو بۆ پاراستن و بەرگریکردن لە شیعەکانی سووریا.

حکوومەتی عێراق لەسەر ئاستە فەرمییەکە بۆچوونی وایە پەرەسەندنی جەنگ لە سووریا، ناوچەکە دەخاتە

بەردەم پشتێنەیەکی ئاگرین؛ لەم سیناریۆیەیشدا عێراق و ئێران دەبنە ئامانج. بەم هۆیەیشەوە پێویستە چاوەکان لەسەر سووریا بن بۆ چاودێریکردنی قەیرانەکەی، تا بەرەو ڕۆژهەڵاتی سووریا پەلنەهاوێژێت.[19] هاوکات لەگەڵ ئەمەیشدا ترس و هۆشداریدانێك هەیە کە پاش کۆتاییهاتنی دۆسیەی لوبنان و سووریا، ئیدی سەرەی عێراقە و دەشێت گرووپە شیعەکانی عێراقیش بکرێنە ئامانج ئەگەر هات و پەیوەندیی گەرم و ئۆرگانیی خۆیان لەگەڵ تاران نەبچڕێنن و؛ ئەمەیش لە ڕێگە و کەناڵی نافەرمییەوە بەگوێی عێراقدا دەدرێت[20] کە دەشێت ترساندن بێت و دەشێت ڕاستیش بێت، هاوشێوەی حەماس و حزبوڵڵا.

**دوو ئەگەر و پێشهات لە بەردەم حکوومەتی عێراقدا**

بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی بەردەستن، دەزگە هەواڵگرییەکانی عێراق چاودێریی دوو ئەگەر دەکەن لە پێشهاتەکانی سووریادا: یەکەمیان ئەگەری دروستکردنی هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتییە دژی گرووپە چەکدارەکانی سووریا، هاوشێوەی 2014؛ دووەمیشیان ئەگەری ڕاگەیاندنی دەوڵەتێك یان دەسەڵاتێکی ئیسلامییە لە سووریا کە ببێتە موگناتیسی هێزە جیهادییەکانی دنیا، کە ئەمەیش مەترسییە لەسەر ڕۆژاوای عێراق[21].

بەپێی ئەو ئاماژانەی بەردەستن بۆ ئەگەری یەکەم، پێکهێنانی هاوپەیمانییە نێودەوڵەتییەکە دوورە و هەلومەرج و دەرفەتی پێکهێنانی لە هیچەوە نزیکە، چونکە جگە لەوەی "دۆناڵد ترەمپ" یەکلایی کردەوە کە دەستوەردان ناکەن و شەڕەکە هی ئەوان نییە[22]، چەکدارەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا گوتاری خۆیان لە ئیسلامی ڕادیکاڵییەوە، گۆڕییەوە بۆ هەوڵی خۆگونجاندن لەگەڵ جیاوازییەکانی سووریا و ڕاکێشانی سەرنجی وڵاتان بۆ ئەم گوتارە نوێیەیان[23]؛ هەروەها زۆر لە کاردانەوەکانی ئەمریکا و ئەورووپا بەرامبەر ئەو گرووپانە، لەوانەیش پەیامەکەی بایدن بە ئاراستەی مامەڵەکردن لەگەڵیان ئەگەر لەسەر ئەم کرانەوەیە بەردەوام بن[24]. بەپێی ئەو زانیارییانەیشی بەردەستن و میدیای ئەمریکی بڵاوی کردوونەتەوە، واشنتۆن لە ڕێگەی تورکیاوە لە پەیوەندیدایە لەگەڵ چەکدارە سەرکەوتووەکان، بەتایبەت "دەستەی ئازادکردنی شام"[25]؛ بە ئەگەری زۆریش واشنتۆن و لەندەن بە ئاراستەی کارکردن لەگەڵ "دەستەی ئازادکردنی شام" هەنگاو دەنێن[26].

بۆ ئەگەری گۆڕانی سووریاش بۆ دەوڵەتێکی جیهادی کە سەرچاوەی مەترسی بێت، پێچەوانەیە لەگەڵ هەوڵەکانی "دەستەی ئازادکردنی شام" بۆ گۆڕینی وێنەی پێشووی و خۆگونجاندن لەگەڵ پێداویستیی ئەم دۆخە. لەم بەینەیشدا "ئەبو محەمەد جۆلانی" کە باکگراوندێکی جیهادیی هەیە، ناوەکەی گۆڕی بۆ "ئەحمەد شەرع" وەك هەوڵێك بۆ ڕێگەخۆشکردنی قبووڵکردن وەك کەسێکی جیاوازی کاریگەر لە سووریای ئاییندەدا. جگە لە کاریگەریی تورکیاش لەسەر ئەو گرووپانەی سەرکەوتوون و هەوڵی بەرهەمهێنانەوەیان، بە جۆرێك کە لەگەڵ هەلومەرجەکەدا بگونجێن، دروستکردنی دەوڵەتی ئیسلامیی جیهادی، لەگەڵ ئاسایشی نەتەوەییی وڵاتانی دیکەی وەك ئیسرائیل و میسر و ئوردن و کەنداو، نایەتەوە. تارماییی ئەزموونی کۆمەڵی "ئیخوان موسلیمین"یش لە میسر و دەوڵەتە گریمانکراوەکەی داعشیان لە سووریا لە دەیەی ڕابردوودا لەپێش چاون؛ ئەوەیشی بۆ عێراق جێگەی دڵنیاییی زیاترە، گفتی بایدنە بۆ هاوکاریکردن و بەهێزکردنی بەرامبەر مەترسییە چاوەڕوانکراوەکانی سووریا[27]. ناوبراویش تا 20ی کانوونی دووەمی 2025 لە پۆستەکەیدا دەمێنێتەوە و ئەم مانگەی سەرەتاش گرنگیی زۆری هەیە لە زاڵبوون بەسەر مەترسییەکان و ڕوونبوونەوەی وێنە تەڵخەکەدا.

# ڕێگرییەکانی تێوەگلان و دڵنیاییەکانی مەیدان

باوەڕێك هەیە کە ژیاندنەوەی گرووپە چەکدارەکانی سووریا دروستکراوی ژوورەکانی هەواڵگری بن و ئەگەر عێراق دژیان بوەستێتەوە، دەکەوێتە ناو تەڵەیەکی گەورەوە؛ جگە لەوەیش دووریی ناوچەکانی بندەستی "دەستەی ئازادکردنی شام" لە سنوورەکانی عێراق، دڵنیاییەك دەدات بە عێراق، چونکە نێوانیان دەوروبەری 500 کم دەبێت و لە ئێستادا زیاتر عێراق لەگەڵ هێزەکانی سووریای دیموکرات (قەسەدە) هاوسنووورە و ئەم هێزەیش پێشتر لای حکوومەتی عێراق ناسراوە و پەیوەندییان ئاڵوگۆڕ کردووە[28]. هەر لەم نێوەدا و نزیك لەم حەزەرکردنە (خۆبەدوورگرتنە)یشدا لە یەکەم کاردانەوەدا بەرامبەر کەوتنی ڕژێمی ئەسەد، حکوومەتی عێراق جەختی لەسەر ئەوە کردەوە خۆیان لە دەستوەردان لە کاروباری سووریا بەدوور دەگرن و پشتی کەس ناگرن دژی ئەوی دی و، ئەوەیشی بیر هێنایەوە کە عێراق "پەیوەندیی برایەتی، مێژوویی و ئایینی"ی لەگەڵ سووریادا هەیە[29].

لەسەر ئاستی مەیدانییش عێراق هەندێك دڵنیایی هەیە، لەوانەیش بیابانی نێوان عێراق و سووریا بە درۆنی چاودێری ڕووماڵ کراوە؛ جگە لەوەیش چەکداری زۆری ناوچەکانی ڕۆژاوای عێراق هەن شارەزای درز و کەلەبەرەکانن[30]. جۆرێك لە گەشبینییش هەیە کە ژینگەی کۆمەڵگەیی ڕۆژاوای عێراق لە ئێستادا وەك 2014 داڵدەی توندوتیژی نەدا و ئەزموونەکانی ئەلقاعیدە و داعش بایی هێندە کاریگەر بوون کە ئەو سیناریۆیانە لە شارە سوننەکانی عێراق دووبارە نەبنەوە و هەندێك دڵنیاییش هەن لەم بارەیەوە[31].

**میحوەرە شیعییەکە لە پاش کەوتنی سووریا**

بۆچوونێك هەیە پێی وایە کەوتنی سووریا بوومەلەرزەیەکی جیۆسیاسیی گەورەی ناوچەکەیە و کاریگەرییەکانی بێ گومان دەگاتە بەغدا و تاران و یەمەن[32]. لەناو دەستەبژێری سیاسیی ئێرانیش هەن پێیان وایە یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکانی "دەستەی تەحریری شام" پاش دیمەشق، تارانە.[33] بۆ قەرەبووکردنەوەی شکستی کەوتنی ئەسەد و ئەو دۆخەیش کە دووچاری "میحوەری موقاوەمە" بووە، پەرلەمانتارێکی ئێرانی، تەنیا چارەسەر بە "تاقیکردنەوەی بۆمبی ئەتۆمی" دەبینێت بۆ ئەوەی برینەکانی بەرەی موقاوەمە ساڕێژ بکات[34]، بەڵام ئەم پێشنیارە لەگەڵ سەردەمی هاتنی سەرۆکێکی وەك دۆناڵد ترەمپدا هیچ زەمینەیەکی سەرکەوتنی نییە. هاوکات لەگەڵ ئەمەیشدا ئاژانسێکی ئێرانی گرنگیدانی بە حووسییەکانی یەمەن وەك بژاردەیەکی گونجاو داوەتە قەڵەم بۆ قەرەبووکردنەوەی زەبرەکانی لوبنان و سووریا[35].

بەپێی هەندێك خەمڵاندنیش تێچووی قوتارکردنی ڕژێمی ئەسەد لە پاش 2011 لەسەر ئێران، جگە لە زیانە گیانییەکان (3000_3500 کوژراو لە سوپا و حزبوڵڵا و گرووپە چەکدارەکان)، بڕی 30_50 ملیار دۆلار کەوتووە و بە داڕمانیشی کەوتە بەر با و، هەندێك پەرلەمانتاری ئێرانیش پرسیاری ئەوەیان کردووە لە پاش ئەسەد کێ ئەو 30 ملیار دۆلارە قەرزە دەبژێرێت؟[36] .

ئازاری لەدەستدانی ئەسەد بۆ میحوەرە ئێرانییەکە لەوەدایە، تاقە خێزانی سیاسیی عەلەویی حوکمڕان بوون لە ناوچەکە و بە درێژایی 40 ساڵیش هاوپەیمان و دۆستی نزیکی "کۆماری ئیسلامیی ئێران" بوون. بە کەوتنی ئەم خێزانەیش بە ئەگەری زۆر ئێران سەرجەم دەستکەوتە ستراتیژییەکانی لە سووریا لەدەست

دەدا؛ جگە لەوەیش چیدیکە سووریا وەك پردی پەیوەندی و گەیەنەری تاران بە بەیرووت نامێنێتەوە. لە ئێستایشدا تەنیا خاڵی جێگە هیوای ئێران ئەوەیە کە "دەستەی تەحریری شام" گفتی داوە پارێزگاری لە شیعەکانی بندەستی بکات و لەم بارەیەوە کەسایەتییە شیعە کاریگەر و دەرکەوتووەکانی سووریا باس لەوە دەکەن گفتیان وەرگرتووە سەر و ماڵیان پارێزراو بێت، لەنێویشیدا مەقام و جێگە پیرۆزەکانی شیعە.[37]

هەندێك لە لێکۆڵەرانی سیاسییش پێیان وایە لە بنەڕەتەوە میحوەرە ئێرانییەکە لەسەر "دروشم و هەڵەشەیی سیاسی و دەمارگیری" و پشتبەستن بە ڕووە پەنهانی و نەزانراوەکان (غیبیات)ی نێو ڕیوایەت و دەقەکانی ئایینزای شیعە بنیات نراوە و داڕمانیشی بەم جۆرە جێگەی سەیر نییە[38]. لەناو ئێرانیشدا هەن باسیان لەوە کردووە کەوتنی ئەسەد دەشێت سوود و قازانجی بۆ ئێرانییەکان هەبێت؛ بەو پێیەی چیتر پارەی ئێران لە هەوڵی قوتارکردنی ئەم ڕژێمەدا خەرج ناکرێت و، دەکرێت بخرێتەوە خزمەت بوودجەی ئێران[39].

**کۆبەند**

کەوتنی ڕژێمی ئەسەد لە سووریا گوڕزێکی سیاسیی دیکە بوو بەر "میحوەری مقاوەمە"ی شیعی کەوت لە ناوچەکە. لەم بارگۆڕانەیشدا عێراقی فەرمی و عێراقی گرووپەکان کەوتنە نێو دوو بەرداشی دژبەیەك کە یەکێکیان تێوەگلان و ئەوی دی مانەوە بوو بەبێلایەنی. سەرەنجام لەژێر هەندێك کاریگەریدا کە هەندێکیان ترس بوون، لۆژیکی دەوڵەت سەر کەوت و هیچ لایەنێکی عێراقی جارێکی تر، نەبوو بە بەشێك لە گرژییەکانی سووریا. بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نایەت کە لە لێکەوتەکان دوور بێت و لە قۆناغی ئاییندەدا کاریگەر دەبێت بە فۆرمی نوێی پێکهێنانەوەی دەوڵەت لە سووریا؛ هەروەها لە پێکهێنانەوەی میحوەرە شیعییەکەیشدا ئەگەر قورسایی بخرێتە سەر عێراق، ئەوە ئەگەری بەئامانجگرتنی هەیە لەسەر شێوازی حەماس و حزبوڵڵا و ڕژێمی ئەسەد. دۆخە گشتییەکەیش لە قۆناغی داهاتوودا بەسەر چەند بژاردەیەکی جۆراوجۆردا کراوەیە و بەشی زۆریشیان بە ناوخۆی سووریاوە پەیوەستن کە هێشتا ئاڵۆز و ناڕوونە.


[1] https://2h.ae/JBZl

[2] https://2h.ae/aMKh

[3] https://2h.ae/VvGQ

[4] https://2h.ae/MroO

[5] https://2h.ae/Fvub

[6] https://2h.ae/tpAG

[7] https://2h.ae/DCzk

[8] https://2h.ae/mKCg

[9] https://2h.ae/mzEQ

https://2h.ae/qUnE [10]

https://2h.ae/PjJm [11]

https://2h.ae/qUnE [12]

https://2h.ae/dcCF [13]

https://2u.pw/JolTqP3h [14]

https://2h.ae/JbGo [15]

https://2h.ae/GSjB [16]

https://2h.ae/HtvH [17]

https://2h.ae/WTVY [18]

https://2h.ae/soLB [19]

https://2h.ae/Ocwn [20]

https://2h.ae/VKbG [21]

https://2h.ae/VbNZ [22]

https://2h.ae/sHaQ [23]

https://2h.ae/OUjf [24]

https://2h.ae/yqtG

https://2h.ae/AzXJ

https://2h.ae/hDSH [25]

https://2h.ae/DVOd [26]

https://2h.ae/AzXJ [27]

https://2h.ae/CVbl [28]

https://2h.ae/hqFy [29]

https://2h.ae/zNAK [30]

https://2h.ae/vQsJ [31]

https://2h.ae/yscx [32]

https://2h.ae/eBHq [33]

https://2h.ae/TEhu [34]

https://2h.ae/VPfS [35]
https://2h.ae/zRHx

https://2h.ae/bqhb [36]

https://2h.ae/bqhb [37]

https://2h.ae/uGrl [38]

https://2h.ae/aKdZ [39]